# پەرلەمانی کوردستان بە یاسا بزاڤی ڕۆژنامەوانی دەخنکێنێ



بە پەسندکردنی یاسای کاری ڕۆژنامەوانی لەلایەن پەرلەمانی کوردستان، تەواوی ئەو سیحرانەی سەبارەت بە ئازادی ڕادەربڕین و ئازادی ڕۆژنامەوانی بەتاڵ بوونەوە کە ماوەی شازدە ساڵە ئێمەی کوردستانی لافی پێ لێدەدەین و خۆمانی پێ لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین جیا دەکەینەوە!

بڕیاردان لە یاسایێکی هاوچەرخانە ئەگەر ئاستی پێشکەوتن وژیاری کۆمەڵگەش بەرجەستە نەکات، هاندەرێکی ڕاستەوخۆ بۆ بەرەوپێشەوەبردنی کۆمەڵگە بەرهەم دێنێ، لەم ڕوانەگەیەشەوە یاسای نووسراوی چاک ئەگەر کاریشی پێنەکرێ، زۆر لە یاسای نووسراوی خراپ باشترە، چونکە یەکەمیان شیمانەو بەختی جێبەجێکردنی داهاتووی هەیە، کەچی دووەمیان ئەگەر جێبەجێش نەکرێ هەڕەشەیەکی ئاشکرا لەسەر ویست و داهاتووی کۆمەڵگە دادەنێ.

باشووری کوردستان ئەگەر وڵاتێکی سەربەخۆش نەبووبێ، بەڵام دانیشتووانەکەی بانگەشەی هەبوونی یاسای جیاوازیان کردووە، ویستوویانە هاوچەرخانە باوەش بۆ ژیان بگرنەوەو خۆیان دەگەڵ چەمکەکانی ماف و ئازادیەکان خەریک بکەن و لەپێناو دەستەبەرکردنیان تێبکۆشن. بەوهۆیەشەوە ئەگەر ئاوڕێک لە چەند ساڵی ڕابردوو بدەینەوە، وێڕای ئەوەی کە شەڕی براکوژی تاودراوەو تەڕ وشک بەیەکەوە سووتێندراوە، بەڵام چەمکەکانی مافی مرۆڤ و پیادەکردنی ئەو مافانە زەقکراونەتەوە و لە ڕاگەیاندنەکاندا باسیان لێوەکراوە، لە هەمان کاتیشدا بە دیاردەی فرە حزبی، هەبوونی زۆری بڵاوکراوە، ڕادیۆوتەلەفزیۆنەکان لافی دیموکراسی و باوەڕبوون بە ئازادیەکان لێدراوە.

ساڵی 1997 لە چل و حەوتەمین ساڵیادی جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤ، ڕێزدار **مام جەلال** کە هێشتا سەرکۆماری عێراق نەبوو، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند: "لە ڕۆژنامەکاندا ڕەخنە بگرن، لە تەلەفزیۆنەکان قسەی لەسەربکەن و لە ڕادیۆکاندا وتاری لەسەر بنووسن، لەسەر مەسئولیەتی من، ئەگەر گوتیان بۆ واتان کردووە، بڵێن سکرتێری گشتی (ی.ن.ک) نەک داوای لێکردین، بەڵکو ئەمری پێکردین ئەمە بکەین، من مەسئولم لەبەرانبەر هەرکەسێک کە لە ئێوەی پرسیەوە"

هەروەها ڕێزدار کاک **مەسعود بارزانی** کە هێشتا وەکو سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڵنەبژێردرابوو، گوتی: " یاسا لەسەرووی هەموو کەسێکەوەیە، لەکوردستان کەس لە یاسا بەرزتر نیە" بەڵام ئێستا ڕێزدار تاڵەبانی سەرۆکی کۆماری عێراق و ڕێزدار بارزانیش سەرۆکی هەرێمی کوردستانە کەچی پەرلەمانی کوردستان بە یاسا کاری ڕۆژنامەوانی بەرتەسک دەکاتەوە، گرفت و ئاستەنگ لەبەردەم ئازادی ڕۆژنامەوانی دادەنێ، سزای قورسیان بۆ دەبڕێتەوە! بەیاسا وا دەکات هەندێک کەس لەسەرووی یاسادا تەماشا بکرێن!

ئەو نیشتمانەی کە ئێمە خۆمان بانگەشەی مەکۆی ئازادی ڕادەربڕین و دیموکراتیزەکردنی ڕۆژهەڵاتی ناڤینمان بۆ دەکردو لە دیترانیشمان دەخواست پەسنی بکەن و لە مێدیاکانی جیهان دا ئاماژەی پێبکەن، ئێستا نوێنەرانی خەڵک لە پەرلەماندا! بە یاسا کاری ڕۆژنامەوانی سنووردار دەکەن و ئازادی ڕۆژنامەوانی دەخنکێنن.

یاسایێک کە داب و نەرێت و سیستەمی گشتی وەک پێشمەرج بۆ کاری ڕۆژنامەوانی دابنێ، نەک لە توانانی دا نیە کە ئازادی دەستەبەربکات، بەڵکو ماف و ئازادیەکانی ڕۆژنامەوان زەوت دەکات و ویست و سەربەخۆییان لێدەسێنێتەوە.

یاسایێک کە هاوێرکاری لەنێوان کەسەکانی نیشتمانێک دا بکات ئەگەر خۆی لە قەرەی ئەپارتایدیش نەدات، هەوری دیکتاتۆریەتی بە دیاری دەهێنێ و سەرەنجام ڕق و قینی خۆی بە سەر ئازادیخوازان و ڕامانە جیاوازەکاندا دەبارێنێ.

یاسایێک کە بە پاساوی ئاسایشی هەرێم زانیاری لە ڕۆژنامەوانان و خەڵک پەنهان بکات و بیشارێتەوە، ئەگەر ڕۆژنامەوان لابەلا زانیاریەکانی دەستکەوت و بڵاوی کردەوە سزای توندی بۆ ببڕێتەوە، نەک ناتوانێ ئاسایش نیشتمانی بپارێزێ، بەڵکو مەترسی و هەڕەشەیەکی ئاشکرا لەسەر ئاسایشی گشتی و ئاسایشی نەتەوەیی پێکدەهێنێ.

یاسایێک خۆی بە ڕستەو دەستەواژەی لاستیکی دابپۆشێ. نەک هەر خزمەت بە پێشکەوتنی کۆمەڵگە ناکات، بەڵکو سەرەنجام دەبێتە پەت و لەملی دانیشتووانەکەی دەئاڵێ و دەنگی ئازاد و ڕامانی ئازاد و بۆچوونی جیاواز دەخنکێنێ.

یاسایێک لەسەر وشە و ڕستەو دەستەواژەیێک کە دەستەڵات بێزار بکات، تەڵەی 3 تا 10 ملیۆن دیناری بۆ ڕۆژنامەوانێک دابنێتەوە، نەک هەر ناتوانێ ماف و ئازادیەکانی ڕۆژنامەوانان بپارێزێ وەک بانگەشەی پێدەکرێ، بەڵکو دەبێتە شیشەی سوورکراوەو ناخی ڕۆژنامەوان و بنەماڵەکەی داغان دەکات.

یاسایێک بەبیانۆی جنێو، تۆمەت هەڵبەستن و ناوزڕاندن پسولەی باجی 10 تا 20 ملیۆن دیناری پێشانی ڕۆژنامەو بڵاوکراوەکان بدات، نەک هەر ناتوانێ هاوکاری بە بزاڤی ڕۆژنامەگەری بکات و بەرەوپێشەوەی ببات، بەڵکو زنجیری سەردەمی کۆیلایەتی لە دەست و قاچی بزاڤی ڕۆژنامەگەری دەبەستێ و هەناسەی لێدەبڕێ.

ئەندامانی پەرلەمان کە زۆربەیان باس لە ئازادی ڕادەربڕین و ئازادی ڕۆژنامەوانی و مافی مرۆڤ دەکەن، بە چ پێوەرێک دەنگ بۆ پڕۆژە یاسایێک دەدەن کە دەمی ئەکتیڤ ترین و بەرپرسیارترین توێژی کۆمەڵگەکەیان دەبەستێ؟!

ڕاستیەکەی مرۆڤی ڕۆشنبیرو پێشکەوتنخوازی کوردستان نەک هەر شەرم لە تەماشاکردنی ئەو تەلارەی کە بڕیاری قەدەغەکردنی کاری ڕۆژنامەوانی تێدا دراوە دەکات ، بەڵکو داخبارو حەسرەتبارانە تنۆک تنۆک ئارەقەی شەرمەزاری لەهەمبەر ئەو دەنگانە هەڵدەڕێژێ کە لەنێو تەلاری پەرلەمان دا ڕاشکاوانە دژایەتی خۆیان لەگەڵ ئازادی ڕادەربڕین و ئازادی ڕۆژنامەوانی دا ڕادەگەیەنن.

ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان دەبوایە زۆر بەپارێزەوە ڕەفتاریان دەگەڵ یاسای کاری ڕۆژنامەوانیدا بکردبایە، چونکە ئاوێنەی باڵانوێنی هەموو ڕاستی و یاساکان لەو یاسایەدا بەرجەستە دەبێ و خۆی بە جیهانیان پێشان دەدات.

ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان ئەگەر خۆشیان باوەڕیان بە دژایەتیکردنی ئازادی ڕۆژنامەوانی و کۆت و بەندکردنی ڕامانی جیاواز هەبووایە، نەدەبوو بە پەسندکردنی پڕۆژە یاسای کاری ڕۆژنامەوانی بە جیهانیان پێشان بدەن کە ئەوان لەجیاتی خەڵکی کوردستانەوە کاری ڕۆژنامەوانی سنووردار دەکەن، بەربەست لەبەردەم ئازادی ڕۆژنامەوانی دادەنێن.

ئەندامان پەرلەمانی کوردستان ئەگەر حزبەکانیشیان گوشاریان لێبکردبانایەو هەڕەشەی گۆڕینیان لێ بکردبان، نەدەبوو بەرپرسیارێتی خنکاندنی ئەو دەنگە ئازادە لە ئەستۆ بگرن کە تازە بزاڤی ڕۆژنامەوانی کوردستان دەیەوێ خۆی پێبناسێنێ و دەروازەیەکی ڕەنگین بە ڕووی داهاتووی نەتەوەو نیشتمانەکەماندا بکاتەوە.

ئەندامانی پەرلەمان هەر مەیل و بۆچوونێکی سیاسیان هەبێ، نەدەبوو دەنگ بۆ پڕۆژە یاسایێک کە بەمەبەستی ترساندن و سزادانی ڕۆژنامەوان گەڵاڵە کراوە، بدەن.

ئەندامانی پەرلەمان ئەگەر ڕقیشیان لە کتێب و بڵاوکراوە دەبێتەوە، نەدەبوو دەنگ بە یاسایێک کە بۆ داخستن و سزادانی بڵاوکراوەکان ڕێککەوتنی ژێراوژێری لەسەردا کراوە، بدەن.

هەموو ئەوانەی ئەو پڕۆژە یاسایەیان گەڵاڵە کردووە، هەموو ئەوانەی کە خەڵکیان ڕاسپاردووە دەنگی بۆ بدەن، هەموو ئەو ئەندام پەرلەمانانەی کە دەنگیان بۆ پڕۆژە یاسای کاری ڕۆژنامەوانی داوە، لەبەرانبەر مێژوودا بەرپرسیارن، دەبێ ئەو ڕاستیەش باش بزانن کە ڕاستەوخۆ پشکیان لەو گەردەلوولە خۆڵاویەدا دەبێ کە داهاتوو لەباڵای نیشتمانەکەمان دەئاڵێ، لە ئایندەیەکی نزیک دا هەوری دیکتاتۆریەت بۆ ئاسمانی وڵاتەکەمان و سێبەری ڕەهایی و خۆسەپاندن بۆ نێو ماڵەکانمان بۆدەگێڕێتەوە.

من لێرەوە داوا لە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و خودی ڕێزدار کاک مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەم کە ئەو پڕۆژە یاسایە سەرڕاست نەکاتەوەو دەمودەست بۆ پەرلەمانی کوردستان بیگێڕێتەوەو ناچاریشیان بکات تا دەستکاری تێدابکەن.

من داوا لە ڕێزدار سەرۆک تاڵەبانی، سەرکۆماری عێراق دەکەم، وەک ڕۆژنامەوانێک دەنگی نارەزایی لەهەمبەر ئەو یاسایە هەڵبڕێ و داوا لە ئەندامانی پەرلەمان بکات تا چاو بە بڕیارو دەنگەکانیان بخشێننەوەو بڕگە لاستیکیەکان دەربهێنن.

من داوا لەو ڕۆژنامەوانانەی کە ڕاستوێژانە باوەڕیان بە ئازادی ڕادەربڕین و ئازادی ڕۆژنامەوانی و دەستەڵاتی چوارەم هەیە، دەکەم کە بێڕاوەستان دەنگی نارەزایی بەرز بکەنەوەو یاساکە ڕەت بکەنەوە.



ڕێکار ئەحمەد

rekarahmed@hotmail.com

www.rekar.org

# سەرۆک قەزافی: من داوای دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان و پارتە کوردیەکان داوای فیدراڵی دەکەن

معەمەر قەزافی سەرۆکی وڵاتی لیبیا کە دۆستێکی ڕاستینی دۆزی ڕەوای گەلی کوردستانە لە هەفتەی ڕابردوودا لەکاتی سەردانەکەی بۆ وڵاتی فەرەنسا ڕۆژی 13-12-2007 پێشوازی لە شاندێکی کوردستان کرد کە بەڕێز دلشاد بارزانی نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەڵمانیاش بەشداری تێداکردبوو. سەرۆک قەزافی جارێکی دیکەش پشتیوانی خۆی بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دووپات کردەوەو ڕایگەیاند کە "لەسەر مەسەلەی پشتیوانیکردنی من لە پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان گەلێک ڕەخنەم لێگیراوە، تا ئێستاش بەمن دەڵێن تۆ زیاتر لە کوردان داوای دەوڵەتی کوردی دەکەی، تۆ داوای دەوڵەتی کوردی دەکەی، بەڵام پارتە کوردستانیەکان داوای فیدراڵی دەکەن!"

سەرۆک قەزافی ڕاشکاوانە ڕایگەیاند کە ئەو باوەڕی بە دۆزی گەلی کوردستان هەیە، هەر لە سەرەتای شۆڕشی فاتحی لیبیاوە تا ئەمڕۆ ئەو باوەڕەی نەگۆڕەو بەردەوامیش پشتیوانی لە کێشەی گەلی کورد دەکات.

سەرۆک معەمەر قەزافی سەرۆکی کۆماری لیبیا کە تاکە سەرۆکی وڵاتێکی جیهانە کە ڕاشکاوانە پشتیوانی لە دۆزی ڕەوای کوردستان دەکات، گوتی : " تورکیا، سوریاو وڵاتانی دیکە لەسەر هەڵوێستەکانم ڕەخنەیان لەمن گرتووە، بەڵام من پێمگوتوون کە گەلی کورد لەسەر خاکی خۆی دەژی، وەک گەلانی دیکە مافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆی هەیە. من بەپێچەوانەی خەڵکی دیکە کە ترسیان لە پێکهێنانی دەوڵەتی کوردی هەیە و وەکو مەترسی ناوی دەهێنن، بەڵام لەلای من دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی هەرگیز ترسناک نیە و مافی ڕەوای گەلی کوردیشە چونکە لەسەر خاکی باب و باپیرانی خۆیدا دەژی، خاکی کەسی داگیر نەکردووە.

ڕاستیەکەی هەر لەسەرەتای ساڵی 1970ەوە تا ئێستا ڕوانگەی معەمەر قەزافی سەرۆکی کۆماری لیبیا بەرانبەر کێشەی گەلی کوردستان ئەرێنی نەگۆڕاوەو بەردەوام پشتیوانی لە بزاڤی ڕزگاریخوازی پارچەکانی کوردستان کردووە، تەنانەت زۆر جاران کە وڵاتانی عەرەبی سەبارەت بەو هەڵوێستە ڕەخنەیان لێگرتووە، ئەو نەک پەشیمان نەبۆتەوە، بەڵکو سەرکردەی لایەنە سیاسیەکانی کورستانی بانگهێشتی لیبیا کردووەو هاوکاری کردوون.

جێگەی ئاماژە پێکردنە کە معەمەر قەزافی زۆر ڕاستگۆیانەو بێ پەروا داکۆکی لە کێشەی ڕەوای گەلی کوردستان کردووە، بەڵام هێزە سیاسیەکانی کوردستان دەرهەق بەو کەمتەرخەم و خەمساردانە ڕەفتاریان کردووە، تەنانەت هەندێجار گلەیی و گازاندەشیان لێکردووە!

# ئەمریکا پشت لە ئەفگانستان دەکات و عێراق هەڵدەبژێرێ

ڕۆژنامەی **لۆس ئەنگلس تایمز** ئاشکرای کردووە کە وەزارەتی بەرگری ئەمریکا بەراوێژ لەگەڵ گەورە بەرپرسانی ئەو وڵاتە بەو باوەڕە گەیشتوون کە هێزو توانای خۆیان لە عێراق چڕ بکەنەوەو هەموو شیانی خۆیان بۆ سەرکەوتنی ئەوێ تەرخان بکەن.

ڕۆژنامەکە دەنووسێ کە دیموکراتخوازەکانی ئەمریکا دەیانەوێ لەپێناو عێراقێکی نارۆشندا قوربانی بە ئەفگانستان نەدرێ، چونکە ئەفگانستانیش گرنگی خۆی هەیە، بەڵام ڕۆبەرت گێیتس وەزیری بەرگری ئەمریکا پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە هەموو تواناکان بۆ سەرکەوتن لە عێراق چڕ بکرێتەوەو ئەفگانستانیش ڕادەستی هاوپەیمانانی واشنگتۆن بکرێ.

سەرۆکی دەستەی فەرماندەیی هاوبەش جەختی کردۆتەوە کە ئەرکی لەپێشینەی هێزەکانی ئەمریکا جەختکردنەوە لەسەر شەڕی بەردەوامی عێراقە، دەبی لێبڕاوانە هەڵ بدەن تا ئەفگانستان بە هێزەکانی ناتۆ بسپێردرێ.

مایکل مۆلین سەرۆکی دەستەی فەرماندەیی هاوبەش ئاشکرای کردووە کە شەڕی ئەفگانستان بەپێوەری هێزی ئابوری و سەربازی لەدواوەی عێراق دایە، بۆیە دەبێ بە پلەی سەرەکی گرنگی و بایەخ بە عێراق بدرێ، هەروەها عێراق لەسەر ئاستی جیهاندا لە شوێنێکی هەستیار هەڵکەوتووە، سەرچاوەو سامانەکانی زۆرن، بۆیە دەبێ ئەمریکا بەشێوەیەک کار بکات کە پێویست دەکات، بەڵام لە ئەفگانستان دەتوانێ بەشێوەی توانای خۆی کار بکات!

لێکدانەوەی کۆماریخوازەکان و دیموکراتیخوازەکان سەبارەت بە ئەفگانستان پێچەوانەیە، دیموکراتەکان پێیانوایە ئەگەر تەکوز لەسەر ئەفگانستان بکرێ، ڕەگ و ڕیشەی تیرۆر لە بنچینەوە دەردەهێنرێ، سەرکەوتن لەشوێنەکانی دیکە ئاسانتر دەبێ، بەڵام کۆماریخوازەکان پێیانوایە هەم کێشەو گرفتەکانی عێراق لە هی ئەفگانستان گەورەترن، هەمیش سامان و پێگەی عێراق لەهی ئەفگانستان بەرفراوانترەو هەستیارترە.

دیموکراتخوازەکان پێیانوایە کە تەنیا مانگێک دوای پەلامارەکەی یازدەی سێپتێمبەر ئەمریکا هێرشی کردە سەر ئەفگانستان و داگیری کرد، بەڵام زوو لە خۆبایی بو، بۆیە نەیتوانی سەرکەوتنی یەکجارەکی مسۆگەر بکات، هێشتا ئەفگانستان یەکلایی نەبۆوە هێرشی کردە سەر عێراق، بۆیە ئێستا لە هەردوو شوێندا چەقیوەو دەرناچێ، بەڵام ڕۆبەرت گێیتس و مایکل مۆلین پێیانوایە کە شەڕی ئەفگانستان لەبیر چۆتەوە، گرنگ ئەوەیە لە عێراق سەرکەوتن وەدەست بهێنرێ.

گێیتس دان بەوە دەنێ کە چالاکی تالیبان لە ئەفگانستان بەرزتر بۆتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەدانیە کە زیانەکانی هێزەکانی ناتۆ بەرزتر بووبێتەوە!

دوای ئەوەی گێیتس و مایکل مۆلین بەجووتە لەبەردەم لیژنەیەکی کۆنگرێسی ئەمریکا ڕاوەستان و وەڵامی پرسیارەکانیان دایەوە، هەرخۆیان پێشنیاریان کرد کە دەبێ لەمەوبەدوا بەرپرسیارێتی ئەفگانستان بە هێزەکانی ناتۆ بسپێردرێ تا دەستی ئەمریکا لە عێراق کراوەتر بێ

هێمن مەنمی

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com